# سڵاو خەمخۆرەکانی نیشتیمان

عومەر جەلال _ چەمچەماڵ
omargalal2004@yahoo.com

دەمتان خۆش بۆ ئەو هەموو پرۆژە گەورانەی ڕۆژانە بڕیاری لەسەر دەدەن و شەوانە هەڵدەوەشێتەوە ,لەسەردەمێکدا دەمی ئێوە سروودەکانی نیشتمانی دەوتەوە,دەستان خۆش بۆ دەستگرتنی لاوەکان بۆ ئەوەی نیشتمان بەجێبێڵن لەسەردەمێکدا دەستی ئێوە لە سەر چەك بوو دژی دووژمن, پێ تان خۆش بۆ شکانی هەنگاوەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگە,لە سەردەمێکدا شاخەکان هەرەسی دەهێنا لەژێر پێکانتان,گیرفانتان پڕپڕلە پا رە بۆ قۆرخکردنی هەموو بازارەکانی ژیان و رووخانی خەونی بونیاد,لەسەردەمێکدا گیرفانەکانتان جگە لەوێنەی دایك و "یار" خاڵی لەهەموو شتێکبوو.ئەی خەمخۆرە دڵسۆزەکان ترستان نییەڕۆژێك دابێت ڤێلاکانت وێرانتر بێت وەك ژێر کەڵۆزە سەختەکانی سەرمای زستان و ئۆتۆمبیلە دوا مۆدیلە جام تاریکەکانتان سادەتربێت وەك وەك کوشتنی ئەو گوێدرێژانەی کە ئیدی ئیشتان پێی نەدەما,پاروەکانت بە چێژتربێت وەك خواردنی نان و ئاوی گوندیەکان کەوەك شکان لەیادتان کرد.

ئەشێ ئێوە بێوەفا بن بەرانبەر نیشتمان ,یادتان نەچێت نیشتمان ئێوەی درووستکرد ئەی بەختەوەرە بێ باوەڕەکان,گوندەکانتان لەیاد چووە کەچاوەروانی قەرزەکانی ئێوەیەتی لە پەژموورەدەی دەرباز بێت,لەتەك خۆتانا کۆچتان پێکردن بۆ ناو شار, شەهیدە هاوڕێکانتان لە یاد مەکەن لە گەرمەی جەنگەکاندا لە پێشی خۆتان بوون ئێستا هەر منداڵی ئەو شەهیدانەیە دەیانەوێت لە کرۆکەوە بتانگۆڕن و بە ئێوە بڵێن کاتی مەستی نەماوە.

ئێوە کەی شەرم دەکەن لە بەرگی رەشی دایکی شەهیدەکان,ترستان نیە ڕووی ئێوە ڕەشبێت وەك ئەو بەرگەڕەشە وهەناسە حەسرەتیەکانی و دونیا قەشەنگە خەیاڵیە چاوەروانیەکانی هاوسەری ئەنفالێك,ئەی خەمخۆرەکانی ووڵاتی قەدەر کەی هەست بەوە دەکەن نەوەیەکی یاخیتان لەگەنج درووست کرد؟؟؟کەی هەست بەوە دەکەن دەسەڵاتێکی ئیفلیجتان بەرهەم هانی ؟؟؟ ئەی بەرپرسە بێ بەڵێنەکان و نەخۆشە لاوازەکانی رووخانی کۆمەڵگە کەی تێدەگەن هیچ سنوورێك نەماوە لە نێوان ئێوەو هاووڵاتی,بۆ خۆپیشاندنەکان تانەگاتە پلەی تێکچرژان دەسەڵات هەست بەکێشەکان ناکات .ئەی خەمخۆرە مووچەخۆرە خەیاڵیەکان وخاوەن میهرەکان لەیادتان نەماوە ئێوە بوون لە دەرگای یەکە بەیەکەیماڵەکانتان دەدا تاکو داڵدەتان بدەن و پارووەك نان بەدەستبێنن ,ئێوە بوون شەوان لە بەردەگای مزگەوتەکان رۆژتان دەکردەوە و هەنووکە لە گەورەترین کۆشکی فیرعەونیدان.

ئێوە بوون هاورێی شاخە سەختەکان وعەقڵیەتە خەباتیەکان, ئەفسووس نەتوانتوانی پاداشتی رابردووتان و وەڵامی پرسیارە هەستیارەکانی کۆمەڵگە بدەنەوە,ئێوە خەمخۆری کۆمەڵگەبوون ؟؟؟وەلێ

گیرفانی دڕاوی کۆمەڵگەتان فەرامۆش دەکرد و لەهەوڵی پڕکردنی گیرفانەکانی خۆتان بوون,نەتاندەزانی یان خۆتان لێ گێلدەکرد کە هەموو سامانی ئەو خەڵکە شۆرشگێڕەیە کە لەسەردەمی بەعسی دیکتاتۆردا و لەسەردەمی خەباتی کوردی دا بێ ئومێد و ماڵوێران بوون.سەیر لەوەدایە تاهەنووکە هیچ کەسێك خۆی ناکات بەخاوەنی ئەم وولاتە وێرانە و وا بڕوات هەموو سامانی وولاتەکەمان دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە,ئیدی بەخەونیش ناتوانین تەنیا بیر لە ژیانیش بکەینەوە.